

# نەوەی دوای ڕاپەڕین

## بە یادی ڕاپەڕینەوە

سالار عوسمان

(١-٤)

لە نێو یادەکانی ڕاپەڕینداین و بەر لە هەر شت دەمەوێ سەری نەوازش بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین دابنوێنم و دواتر بە حورتەمەوە لە ڕۆڵی ئەو جەماوەرە هێژایە بڕوانم کە بەر لە پێشمەرگە هەڵیانکوتایە سەر دام و دەزگاکانی بەعس، ئینجا دەمەوێ دەستی موقەدەسی ئەو پێشمەرگە میرخاسانە بکوشم کە ئەوسا لە ئاگر گەرمتر بۆ نیشتمان دەسووتان و بۆنی چیایان لێدەهات!..

زۆر کەڕەت لە نێو قسە و گفتوگۆکانماندا باس لە نەوەی نوێ دەکەین و بە نەوەی دوای ڕاپەڕین ناویان دێنین، منیش لێرەدا و لەم زنجیرە نووسینەدا کە تایبەتن بە یادی ڕاپەڕین دەمەوێ قسەیەک لە بارەی ئەو نەوەیە بکەم.

### نەویەک لە سایەی ئازادیدا

تەواوجودایە، نەوەیەک کە ئێمە بووین و لەژێر دەستی دوژمن گەورەبووین دەگەڵ نەوەیەک کە لە سایەی ئازادیدا ژیا و گەورەبوو!

ئەوسا ئێمە نەک هەر نەماندەوێرا دەنگ هەڵبڕین بگرە هەندێ جار بە گومانەوە لە خەونەکانی خۆشمان دەڕوانی!؟؟ وەلێ ئێستا و لە سایەی ئازادیدا نەوەی نوێ نەک هەر دەتوانێ دەنگ هەڵبڕێ بەڵکو دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسا و لە ڕێگەی دەنگ هەڵبڕینەوە گوشاریش دروست بکا!... ئەوسا دنیا بۆ ئێمە جگە لەوەی دەوردرابوو بە ترس، پڕاوپڕیش بوو لە قەدەغە!.. هەمدیس دنیا بۆ ئێمە بەڕادەیەک گەورە بوو نەماندەتوانی حەرفێک لە نهێنیەکانی ئەودیو بخوێنینەوە کەچی ئێستا دنیا بەڕادەیەک بچووک و بچووکتر بۆتەوە و، وا لە نێو لەپی دەستدایە!!..

ئەگەر دنیا بە هەموو گەورەیی خۆیەوە ئەمڕۆ بەم بچووکیە لە نێو لەپی دەستی تۆدایە دەبێ بزانی ئەوە نیعمەتی ئازادییە و دەکرێ سەرهەڵبڕی ئاسمانێک ببینی کە پێی دەگوترێ ئازادیی!..

ئازادیی ئاسمانە و بۆ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک وایە بەتایبەت ئەوانەی لە ژێر ئەو ئاسمانەدان و جارجارەش لە جوانی ئاسمان دەڕوانن، چی بکەم کە تۆ سەر هەڵنابڕی و ڕەنگەکانی ئاسمان ناخوێنیتەوە، چی بکەم کە تۆ شەو لە جریوەی ئەستێران ناگەیت و ناتەوێ تریفە زیوینەکانی مانگ ببینی!... ئاسمان بە تەنیا ماڵی خۆر نییە، بە تەنیاش هەڵگری هەورە دڵپڕەکانی باران نییە، نا.. ئاسمان-یش وەک تۆ جارجارە تووڕە دەبێ و بروسکەیەک لە وشە تووڕەکانی دەڕژێنێتە سەر دڵی زەوی!... بەڵام ئەوان یەکتر ڕەت ناکەنەوە وەک تۆ هەمیشە من ڕەت دەکەیتەوە!

دەکرێ قسە بکەین، گفتوگۆ بکەین، ئەوسا لەمن دەگەیت وەک چۆن زەوی و ئاسمان تێکگەیشتوون!.. جارێ گرنگە بزانی دوێنێ چی ڕوویداوە، بەر لە ١٦ ساڵ پێشمەرگە بۆ بۆنی (چیا)یان لێدەهات؟.. ڕاپەڕین چییە؟!.. ئەی بەر لە ڕاپەڕین ئێمە لە کوێ بووین؟! دواتر چیمان دەکرد؟!.. گوناهەکانمان، چاکە و خەتا و ئیحسانەکانمان چین و لە کوێدا ڕاست ڕۆیشتووین و لە کوێدا خوار؟!

لە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەدا من نامەوێ تەنێ قسەکەربم و تۆش گوێگر، نا.. من دەمەوێ بەیەکەوە وەڵام دروست کەین!

# ڕۆژ باش کاک سالار

گۆڕانکاری



دلێر ئاکۆ

لە ژمارە٦٢١ ڕۆژی ٧/٢/٥بابەتێک بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی(ئەوەی دهوک کردی هەقە سلیمانی و هەولێریش چاوی لێبکەن) لە نووسینی کاک سالار عوسمان. من نامەوێ ئەوەی باس کراوە دووبارە باسی بکەمەوە وەلێ هەموو دەزانین کە ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی دیکتاتۆر و فاشیست بوو، نەک تەنیا میللەتی عێراق بەڵکو وڵاتانی دەوروپشتیش بەدەستی ئەم دیکتاتۆرە ئازاریان دەخوارد بەسەدان بڕیار و فەرمانی دەردەکرد دژی ئازادی و یاسا و دیموکراسییەت، بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر بڕیار و یاسای دەردەکرد کە لە بەرژەوەندی میللەت دابوو کە تائێستاش کاری پێ دەکرێت.

ئەوەی مەبەستمە بڕیارەکانی گۆڕانکاری بوو بە دەگمەن دەنا قەت نەیدەهێشت فەرمانبەر لە سێ ساڵ زیاتر لە جێگای خۆی بمێنێتەوە دەیگواستەوە بۆ شوێنێکی تر بەپێی زیرەکی و چالاکییەکانی دەوڵەتی وەبۆ گواستنەوەی هەر فەرمانبەرێک دەینوسی(بناء علی مقتضیات المصلحه العامه) وە فەرمانی بۆ دەردەکرد. هۆی ئەمەش ئەوە بوو ئەو فەرمانبەرەی کە تازە دێت شتی نوێی پێیە بۆ بەرژەوەندی گشتی و گۆڕانکاری نوێ لە ناو فەرمانگەدا بکات و ڕەنگە فێری سیستەمی نوێ بووبێت بۆ کارگێری ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئەوەی لە شوێنێک زۆر بمێنێتەوە بەتایبەت لەو فەرمانگانەی کە ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر هاتووچۆیان دەکەن پەیوەندێکی تایبەت پەیدا دەکات لەم پەیوەندیەدا گەندەڵی پەیدا دەبێ بە هۆی واستە و شتی تر.. جا بۆیە گواستنەوە یا گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی گشتیدایە ڕێگا گرتنە لە گەندەڵی سەرەڕای ئەوەش با ڕێگا بدرێ بە هاووڵاتییان ئەوانەی بەتوانا و زیرەک و چابووکن بۆ بەشداریبوونیان لە کاری دام و دەزگاکانی حکومەت. هەندی کەس فەرمانگاکان بێ مڵکی تایبەتی خۆیان دەزانن وەکو ئەوەی تاپۆ کرابێت بەسەر چەند کەسێکدا.